# ئایا بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن یان ڕێککەوتنی سیاسی، نەخشەی سیاسیی داهاتوو دیاری دەکەن؟

**(خوێندنەوەیەک بۆ دیوەکەی تری ڕووداوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی فیدراڵ)**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**لە عێراقی 2025 چی لە نەخشەی سیاسی گۆڕاوە؟**

بۆ ئەو بابەتە، دەبێ لە سۆنگە ڕاستەقینەکەوە بڕوانینە بونیادی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی؛ بەوەی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خۆیان نەبووە بەڵکوو بۆ هاوکێشەیەکی سیاسی بووە کە هەژموونی بریتانیایە. کەواتە دەوڵەتەکە فاکتەری دەرەکی دروستی کردووە نەک نیشتمانی؛ هۆکارێکی داپڵۆسین و قۆرخ بووە بۆ دەسەڵات و، هەمیشە یەکێک لە دەوڵەتانی دەرەکی پشتیوانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بووە و لە گۆڕین و ناڕەزایەتیی گەلی عێراق دژ بە حکوومەتەکان پاراستوویەتی.

بۆ ئەو بابەتە دەبێ لە سۆنگە ڕاستەقینەکەوە بڕوانینە بونیادی دروستبوونی دەوڵەتی عیراقی، بەوەی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خۆیان نەبووە، بەڵکوو بۆ هاوکێشەیەکی سیاسی بووە، کە هەژمونی بریتانیایە، کەواتە دەوڵەتەکە فاکتەری دەرەکی دروستی کردووە نەک نیشتمانی، هۆکارێکی داپڵۆسین و قۆرخ بووە بۆ دەسەڵات و هەمیشە یەکێک لە دەوڵەتانی دەرەکی پشتیوانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بووە و پاراستویەتی لە گۆڕین و ناڕەزایەتی گەلی عیراق دژ بە حکوومەتەکان، دەوڵەتەکە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە لە مێژووی سیاسی حوکمڕانیی خۆیدا، هەر قۆناغە و لە خاڵی سفرەوە دەست پێ کراوەتەوە، هیچ کام لە پێکهاتەکانی سوننە و شیعە دانیان بە یەکدیدا نەناوە و بەردەوام تۆڵەسەندنەوە و ململانێی مێژوویی لە نێوانیاندا هەبووە، هەر بۆیە نەتوانراوە دەوڵەتێک بۆ گەلێک و کۆمەڵگەیەکی سیاسی تا ئێستا لە عیراقدا دروست بکرێت، دەوڵەت پرۆژەیەکی شارستانیی نیشتمانی نەبووە، ئەوەندەی پرۆژەیەکی ئیدارەدانی ڕووبەرێکی جیوگرافی بووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە لایەنەکان وەک غەنیمە و موڵک ڕەفتاریان لەگەڵ دەسەڵاتدا کردووە.

دوای داگیرکردنی لەلایەن بریتانیاوە، ڕۆژی 25/10/1920 یەکەمین "حکوومەتی کاتی"یان بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڕەحمان نەقیب" (عبدالرحمن النقیب) بە سەرپەرشتیی خۆیان، بۆ وڵات ڕاگەیاند. ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ 59 ساڵ حوکمی عێراقیان کردووە. لەو ماوەیەدا: 3 کەسایەتی وەک پاشای وڵات فەرمانڕەوا بوون، لە ماوەی 37 ساڵ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشایەتی، 59 حکوومەت پێک هێنراون، لە سەردەمی کۆمارییش لە ساڵی 1958 – 2003 نزیکەی 72 حکوومەت، لە ساڵی 2004یشەوە تا ئێستا 8 حکوومەت. واتە لە سەردەمی دامەزراندنییەوە تا ئێستا زیاتر لە 140 حکوومەت پێک هێنراون و 7

دەستووریشی گۆڕیوە، زیاتر لە 8 کودەتا و، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت زیاتر لە 10 جەنگی بەخۆیەوە بینیوە، سەرەڕای 25 هەڵبژاردن لەگەڵ ڕاپرسییەکی دەستووری. سەبارەت بە هەڵبژاردنیش 13 یاسا بە دەرکردن و هەموارکردنەوە هەبوون: 3 لە سەردەمی پاشایەتی، 3 لە سەردەمی کۆماری، 7 لە سەردەمی دیموکراسییەت؛ کەواتە یاساکانی هەڵبژاردن لە سەردەمی دیموکراسیدا زۆرتر گۆڕاو و هەموار کراونەتەوە.

هەر لەو کاتەوە وڵات بەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکیدا دابەش بووە: کورد، سوننە، شیعە. هەر یەکەیشیان دیدگەیەتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دەوڵەت و دەسەڵات و نیشتمان. هیچ کاتێکیش نەگەیشتوونەتە ئەنجام. لەو دەمەوە پرۆسەی سیاسی لەناو بازنەیەکی بێئاکامدا دەخولێتەوە. بەرپرسیارێتیی ئەو دۆخە دژوارەی دەسەڵاتیش دەکەوێتە سەر سوننە و شیعە؛ ئەوان فەرمانڕەوای وڵات بوون.

کوردیش هەمیشە لە سەنگەری بەرگریدا بووە، تا شایستە نەتەوەییەکانی لەناو دەوڵەتی عێراقدا بەدەست بێنێ، بەڵام مامەڵەکردنی دەسەڵاتدارانی بەغدا بەرانبەر بە کورد هەمیشە لەسەر بنەمای: نەتەوەی سەردەست و بندەست، هاووڵاتیی نمرە دوو، مامەڵەی ئاسایشی، مەترسیدار بۆ یەکپارچەیی عێراق، فاکتەری سەرەکیی ناسەقامگیریی وڵات، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، بووە. هەر بۆیە لە ساتی دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا ئێستا نە مامەڵەکە گۆڕاوە و، نە ڕێککەوتنی تەواو لەسەر پرسی کورد هاتۆتە ئاراوە، گەرچی هەندێ گۆڕانکاری و هەڵبەز و دابەز ڕوویان داوە. وەک پرسێکی نیشتمانییش مامەڵەیان نەکردووە، بەڵکوو وەک هەڕەشەیەک و لە کاتی لاوازیی خۆیان و، کاتیان قۆستۆتەوە و دۆستانی کوردیش لە دەرەوە بەرانبەر کورد زۆربەی جاران بێباک بوون.

هاوکێشەکان یەک و وێکچوون. نەخشەی سیاسیی لایەنەکان ئەگەرچی یەک نەبن، بەڵام ئەوانیش هەر وێکچوون، بۆ نموونە نەخشەی سیاسیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ساڵی 2005- 2025 لەگەڵ کەمێک لە گۆڕانکاری لە بکەرەکانیدا هەر یەکە- هەر بەسەر سێ پێکهاتەدا دابەش بووە. تا ئێستا هاوکێشەکە تائیفەگەرییە؛ هەمان کۆنەکانن پەرتەوازە بوون. گۆڕانکاری لە دیدگەیاندا لەناو هەمان پێکهاتە بەرانبەر سیاسەتی گشتیی وڵات ڕووی داوە، ئەویش بۆ سەرلەنوێ کۆنترۆڵکردنەوەی دەسەڵات. ڕکابەرییە ڕاستەقینەکەیش لە هەڵبژاردندا زۆربەی کات و شوێن، هەر لە نێوان لایەنەکانی پێکهاتەکەیە، بەڵام ململانێ توندەکەی نێوانیان لەسەر ئەوەیە کە کامیان دەبێ ببێتە سەرۆکی پێکهاتەکە.

لایەنە شیعییەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێ، 10 – 12 هاوپەیمانێتییان هەیە. مەبەستیان مانەوەی فەرمانڕەوایەتیی شیعەیە بەسەر وڵاتەوە؛ پێکهێنانی حکوومەتێک کە ئەوان دوا قسە لە بڕیارەکانیدا بکەن. ئەوەی کە ئێستا هەیە هەوڵێکە بۆ سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوە و جارێکی دی بەدەستهێنانەوەی شەرعییەتی حوکمڕانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کێبڕکێیەکی توند لەناویاندا هەبوو، بەتایبەت هەردوو هاوپەیمانێتییەکەی سوودانی و مالیکی. ئەوان بونیادی سیاسییان پەرت بووە، بەڵام ئەجێندایان گەرچی هەندێ گۆڕانکاریی تێ کەوتووە سەبارەت بە جۆری حوکمڕانی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەرەوە و بوونی چەک بەدەستی میلیشیاکان، هەر یەکن و یەکگرتوویشن سەبارەت بەوەی کە فەرمانڕەوایەتیی ڕاستەقینەی وڵات و بکەری بڕیاردەر، هەر دەبێ خۆیان بن وەک شیعە؛ چونکە سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق ئەوەندەی وەک بەشێک لە پڕۆژەی شیعە لە ناوچەکە سەیر دەکرێ، ئەوەندە وەک پرۆژەیەکی هاوبەشی نیشتمانی لایان سەرنج نادرێ و ئەژمار ناکرێ. پشتیان بە ئێران قایمە، تا ئاستی یەک جەستەی مەزهەبی. هەمیشەیش ئەو پەیامە بە

دەنگدەرەکانیان دەدەن، بەوەی کە: هاووڵاتییەکی شیعە لە عێراق بەبێ پشتیوانیی ئێران ناتوانێ خۆی بپارێزێ و بەئامانج دەگیرێ. ئەمەیش بە بیانوو ئەژمار دەکرێ لە ڕەفتاری سیاسییاندا.

لایەنە سوننییەکان 6-8 هاوپەیمانێتی بوون؛ پەرتەوازە بوون، تا ئاستی ئەوەی چەندان ناوزڕاندن و ئاشکراکردنی دۆسیەی گەندەڵییان دژبەیەک درووژاند. ئەوانیش گۆڕانکاری لە ئەجێندایاندا هاتووە. هەر یەک لە سێ هاوپەیمانێتییەکانی "تەقەدوم" و "سیادە" و "عەزم" ململانێیانە کامیان ببێتە مەرجەع و سەرۆکی پێکهاتەی سوننە. ڕکابەرییەکە لە زۆربەی کات و شوێنەکان بەرانبەر یەکدی زۆر توندە. تا ئێستایش خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە، بەپێچەوانەی کورد و شیعە، کە دەبێ لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە و بڕیاری خۆیان بدەن، یان هەر بەپاشکەوتەیی بۆ دەرەوەی خۆیان بمێننەوە لەناوەوە و دەرەوەی عێراق.

گەرچی تا ئێستا لەگەڵ کورد لە پەیوەندییەکی باشدا بوون، بەڵام ئەم جارە هاوپەیمانێتیی تەقەدوم، کە لەلایەن "حەلبووسی"یەوە سەرکردایەتی دەکرێ، چەندان هێرشی مەترسیداری کردە سەر کورد؛ کە پێ دەچێ جۆرێک لە ڕێککەوتن لە نێوان ئەو و میلیشیاکاندا هەبێ و لە هەندێ جێگەیش، بەتایبەت لە بازنەی بەغدا، بۆ ئەوەی پارێزگار بدرێتەوە شیعە، ئاسانکاری لە زۆربوونی ژمارەی کورسییەکانیدا بکەن. لەوانەیشە ئەو پەیوەندییە سەر بکێشێ بۆ دوای هەڵبژاردنیش.

کورد بە 6 حزبی سیاسی، بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە، کە چواریان بکەری سیاسیی سەرەکیی هەرێمن. لەو چوارە دووانیان ئۆپۆزیسیۆنن، واتە "یەکگرتوو" و "نەوەی نوێ"؛ "یەکێتی" و "پارتی"یش دوو حزبی دەسەڵاتدار. بێجگە لە یەکێتی و پارتی، هەر چوار حزبەکەی تر بەرەنجامەکانی هەڵبژارنیان لەیەکدییەوە نزیک دەبێ.

ئەجێندای "پارتی دیموکراتی کوردستان" لە هەموویان جیاوازترە: ئەو پرۆژەیەکی سیاسیی هەیە بۆ دوای هەڵبژاردن، کە لە گوتاری حزبییەوە بەرەو دەوڵەتداری ڕۆیشتووە. ئەو باس لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق دەکات لەسەر بنەمای: "هاوسەنگی، سازان و هاوبەشی"، گۆڕانکاری لە یاساکان، پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکان بەپێی دەستوور و سیستەمی فیدراڵییەت، بەدەستهێنانی شایستە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و پاراستنی تایبەتمەندیی قەوارەی هەرێم، هەروەها یەکلاییکردنەوەی گرفتەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لە دووتوێی جێبەجێکردنی دەستوورەوە.

یەکێتیی نیشتمانی زیاتر لە پەیوەندیدا لەگەڵ بەغدا نزیکە؛ لە هەڵوێستی سیاسیدا بە مەرجەعی دەزانێ و لە پارتییش نەرمترە لە دانوستاندنەکاندا، هەماهەنگیی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو میلیشیایانەی کە لە بەغدا حکوومەتیان بەدەستە، هەوڵ دەدا لەنێو هەڵبژاردنەوە، قەڵەمڕەوی پارتی لاواز بکات، لەسەر ئاستی هەرێم و بەغدا، دەیەوێ ئەگەرچی وەزارەتی لە پارتی کەمتریش بێ لە حکوومەتی هەرێم، بەڵام بە پرۆسەی بڕیاردروستکردن بەرانبەر بەغدا کاریگەرتر بێ، لە هەرێمی کوردستانیش لە پرۆسەی بڕیار "فیفتی بە فیفتی" بێ، نەک زۆرینەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران.

چوار حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکەی تر، ئەجێندای سیاسییان بەرانبەر حکوومەتی هەرێم و بەغدا هاوشێوەیە و خاڵی وێکچونیان زۆرە.

کەواتە لە نەخشە سیاسییەکە هیچ گۆڕانکارییەك ڕووی نەداوە و، چاوەڕوانی ئەوەیش ناکرێ ئەم هەڵبژاردنە

بیێتە موعجیزە بۆ عێراق و بیکاتە شامی شەریف. لە ڕوانگەی ئەزموونی مێژووی سیاسیی عێراقەوە، ئەجێندا و عەقڵییەتە سیاسییەکان هەر ماون، بەڵام هەندێ لایەنی سیاسی و کەسایەتیی نوێ بەدەردەکەون.

**نەخشەی سیاسیی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن**

هەڵبژاردنی 2025 بە خراپترین پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنرێ لە مێژووی وڵاتدا، بەهۆی گەندەڵیی بەکارهێنانی داراییی سیاسی بۆ بەرژەوەندیی لایەنەکانی شیعە، بۆ ئەوەی ئەم جارەیش زۆرینەی کورسییەکان کۆ بکەنەوە. ئەو گوتەیەیش پشتڕاست نەبووەوە کە دەگوترا "چوارچێوەی هەماهەنگی" حەز دەکات "سەدر" بگەڕێتەوە بۆ پرۆسەکە، بەڵکوو بەشدارینەکردنەکەی، گەورەترین سوودی بە چوارچێوەی هەماهەنگی گەیاند- هەروەک چۆن ساڵی 2021 وەک دیاری، 73 کورسیی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی ئەنجومەنەکەی پێ بەخشین. بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە ئەمەیە: ئایا لە بەرانبەر ئەو بەخشندەیییەی، سەدر چ ئیمتیازاتێکی وەرگرت؟

**لایەنە شیعییەکان لە نۆ پارێزگاکانی:** بەسرە، زیقار، بابل، نەجەف، کەربەلا، واست، میسان، موسەننا، دیوانییە، بەپێی ڕاپرسییەکان نزیکەی 124 کورسی دێنن، لە بەغداش زیاتر لە 35 کورسی بۆ ئەوان پێشبینی دەکرێ، لە پارێزگاکانی تریش کە تێکەڵەیەکن لە سوننە و شیعە، 15 کورسی؛ کەواتە نزیکەی 170 – 175 کورسی دێنن. لەو ژمارەیە پێشبینی دەکرێ چوارچێوەی هەماهەنگی نزیکەی 75 – 80 کورسی بەدەست بێنن.

لایەنە شیعییەکان لە بەغدا بەهۆی بەشدارینەکردنی سەدرەوە نزیکەی 25 کورسییان لێ کەم دەبێتەوە؛ زۆربەی ئەو کورسییانەیش بۆ سوننە دەچن. مەزەندەکەیش تەنیا بۆ 3 کورسییە لە کۆی ئەو 25 کورسییە بۆ سوننە. گەرچی "هاوپەیمانیی سەروەری" (سیادە) لە بەغدا بەهێزە، بەڵام پەیوەندیی لایەنە شیعییەکان بە حەلبووسییەوە بەهێزترە. بەدووریش نازانرێ جۆرێک لە ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەبێ و کورسییەکان ببەخشنە حەلبووسی، تا دواتر هاوپەیمانییان بێت لە بەدەستهێنانەوەی پۆستی پارێزگاری بەغدا.

پارێزگای بەغدا 71 کورسیی هەیە؛ لەو ژمارەیە پێشبینی دەکرێ لایەنە شیعییەکان نزیکەی 40 کورسی بەدەست بهێنن. هەر یەک لە سوننە و شیعە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە بەغدا زۆرینەن؛ هەر بۆیە بەرەنجامی هەڵبژاردن جۆرێک لە ناسنامەی مەزهەبیی ئەو شارەیش بۆ ئەم خولە بەدەردەخا. هەر لەوێڕا پێشبینیی ئەوەیش دەکرێ کە لەوانەیە سوودانی تەنیا لە بەغدا زیاتر لە 100 هەزار دەنگ و مالیکییش نزیکەی 70 هەزار دەنگ بەدەست بهێنن، چونکە بەغدا بە سەنتەری ململانێی هەڵبژاردن بۆ عێراق ئەژمار دەکرێ- بەوەی 21.5%ی نوێنەرانی عێراق لەو شارەن.

کەواتە ئەم جارەیش لایەنە شیعییەکان، بەهۆی سیستەمی هەڵبژاردنەکەوە 50+1 بەدەست دەهێنن، بەڵام دیار نییە ئایا دەتوانن گەورەترین فراکسیۆنی شیعی لە پەرلەمان پێک بهێنن یان نا؟ ئایا سوودانی هاوکات لەگەڵ هەڕەشەکانی ئەمریکا لەو لایەنانە، دەگەڕێتەوە بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵیاندا؟

**لایەنە سونییەکان پەرتەوازەن**؛ بەهۆی سیستەمی هەڵبژاردنەکەیشەوە دەنگێکی زۆریان دەفەوتێ. پێشبینی دەکرێ سوننەکان نزیکەی 90 کورسیی پەرلەمانی بەدەست بهێنن. لە پارێزگاکانی شیعەنشین، پێ ناچێ هیچ کاندیدێکیان هەبێت، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانیی لێ دەکرێ ئەوەیە کە سوننەکان ئەم جارە بەهۆی

بەشدارنەبوونی سەدر لە هەڵبژاردن، سوودمەند ببن و کورسییەکانیان زیاد بکات، بەتایبەت لە شارەکانی بەغدا و دیالە.

**لایەنە کوردییەکان بە بارودۆخێکی دژواردا گوزەر دەکەن:** تەبا نین و، ئەجێندایان بە سەد و هەشتا پلە پێچەوانەی یەکدییە. ئەوان دوو بازنەی جیاوازیان هەیە: بازنەیەک کە کوردستانییە و بریتییە لە هەرسێ پارێزگاکەی دهۆک و هەولێر و سلێمانی. لەو پارێزگایانە 46 کورسی هەن؛ پارتی دیموکراتی کوردستان 21–23 کورسی، یەکێتیی نیشتمانی 11 – 13 کورسی، یەکگرتوو 3–4 کورسی، نەوەی نوێ 4–5 کورسی، هەڵوێست 3–4، بەرەی گەل 1–2، کۆمەڵی دادگەری 1_2 کورسی بەدەست دەهێنن.

بەڵام لایەنە کوردییەکان لە بازنەکەی دەرەوەی هەرێم، کە تێکەڵاوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ڕکابەرییەکی توند هەیە لەوێ، لە پارێزگاکانی مووسڵ و سەلاحەددین و ئەنبار و کەرکووک و دیالە، کە کۆی کورسییەکانیان بریتییە لە 73، کورد 15 – 17 کورسی بەدەست دەهێنن. ئەمەیش دەمانگەیەنێتە ئەو بەرەنجامەی کە کورد 59 – 61 کورسیی پەرلەمانی لە تەواوی عێراق بەدەست دەهێنن_ کە پشکی شێر بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێ بە ڕێژەی49 – 51 %.

کەواتە نەخشەی سیاسیی بەرەنجامەکان هەر ئەوەی خولی پێشووە و، بە کەمێک زیاد و کەم دووبارە دەبێتەوە. بەڵام ئەو لایەنەی کە کەمێک سوودمەندە، سوننەیە، کە پێشبینی دەکرێ 23 – 25 کورسی زیاد بکەن. بەڵام شیعە بە نزیکەی 10 کورسی زەرەر دەکەن، بەتایبەت لە بازنەی بەغدا و دیالە. کوردیش بە 3 – 5 کەم دەکەن. بەڵام لایەنە شیعییەکان سەرکەوتنی سوننە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە، ئەویش لە ڕێگەی هاوپەیمانیکردنیان لەگەڵ حەلبووسی و سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان. دووریش نییە جۆرێک لە ڕێککەوتن بۆ قۆناغی دوای بەرەنجامەکان لە نێوانیاندا هەبێ.

**بەڵام هەمیشە خەمڵاندنەکان ڕێژەیین و زۆربەی هەڵبژارنەکانیش هەندێ بەرەنجامی پێشبینینەکراو لەگەڵ خۆیاندا دێنن.**

**ئەی سیناریۆکانی پێکهێنانی حکوومەت چۆن دەبێت؟**

ئێمە بەتێروتەسەلی لێرە ناچینە ناو لایەنەکانی پێکهێنەری حکوومەتەوە، بەڵام دەتوانین چوارچێوەیەک بۆ ڕایەڵە سەرەکییەکەی حکوومەت دابنێین؛ بەوەی کە ئایا پێگەی چوارچێوەی هەماهەنگی لەو بارەیەوە چۆنە، ئەویش لە سێ حاڵەتی ئاشکرا بەدەر نییە، پێکهێنانی حکوومەتێک: لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە، لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی، بەبێ چوارچێوەی هەماهەنگی.

**سیناریۆی یەکەم: لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوەیە.** ئەوان پێشبینی دەکەن خۆیان نزیکەی 23%ی دەنگەکان بەدەست بهێنن. بەڵام بەو ژمارەیە ناتوانن گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی دروست بکەن؛ لایەنەکانیش لە هاوپەیمانێتییان لەبەر گوشار و ئەجێندای ئەمریکا لە عێراق، خۆیان بەدوور دەگرن لێیان. تەنانەت لایەنە شیعییەکان خۆیان بەدوور دەگرن لەوەی کە حکوومەتێک تەنیا لە لایەنەکانی خۆیان پێک بهێنن، چونکە سەرکەوتوو نابن. ئەزموونی بیست ساڵ حوکمڕانییشیان ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە. کەواتە ئەم سیناریۆیەیان مەحاڵە و هیچ پشتیوانییەکی ئەمریکاشی لەگەڵدا نابێت.

**سیناریۆی دووەم: لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی.** ئەمەیان بۆ بارودۆخی عێراق گونجاوترە؛ سەقامگیری بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام پێویستیی بە چەند بنەمایەک هەیە: لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور، شەراکەتی ڕاستەقینە، هاوسەنگی، ڕێککەوتنی میلیشیاکان لەگەڵ ئەمریکا و ڕازیبوونیان بە مەرجەکانی، داماڵینی چەک لێیان، پشتیوانیی ئێران و ڕازیکردنی میلیشیاکان، ئەویش لە پێناو مانەوەیان لە دەسەڵات. لەم سیناریۆیەدا مەرج نییە سەرۆکوەزیران لای چوارچێوەی هەماهەنگی بێت، یان زۆرینەی ئەنجومەنی وەزیران لەوان بن، بەڵام زۆرینەی ئەنجومەنی وەزیران بە ئەجێندای نوێوە، هەر بە حوکمڕانی شیعی دەمێنێتەوە؛ ئەمەیش ئامانجەکەی بەرەی شیعە دەپێکێ. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەگەر بە هەمان سیاسەتی جاران و ئەجێندای پێشووەوە حوکم بکەن، ئەوا ئەو قەیرانەی کە ئێستا عێراقی تێ کەوتووە، بەرەو تەقینەوە دەچێ. کەواتە ئەم سیناریۆیە دەبێ چوار قەیرانی سەرەکیی مێژوویی لە عێراق چارەسەر بکات: دروستکردنی دەوڵەتێکی نیشتمانی، کۆمەڵگەیەکی سیاسی بەدوور لە تائیفەگەری، دابەشکردنەوەی دادوەرانەی داهات، بەشداریی سیاسی.

بەڵام ئەم سیناریۆیە پێویستیی زۆری بە پشتیوانیی ئەمریکا هەیە، تا گەرەنتیی بەردەوامبوونی هەبێت. ئەمەیش دەمانباتەوە بۆ بابەتێکی ستراتیژیی گرنگ: جارێکی تر گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ عێراق لەسەر بەرزترین ئاست، کە ئەویش پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسییە. بەوەیش هەژموونی ئێران زۆر لاواز دەبێت، دانانی سەرۆکوەزیران و ئەنجومەنی وەزیران بە ویستی ئەمریکا دەبێ، ئێران لە هاوکێشە سیاسییەکەدا بە شێوەیەکی سەرەکی بێکاریگەری دەکرێ.

**سیناریۆی سێیەم: پێکهێنانی حکوومەتە بێ چوارچێوەی هەماهەنگی.** ئەمەیش کاتێک دێتە ئاراوە کە لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی نەگەنە بەرەنجام، ئەو لایەنانەی کە دەتوانن حکوومەت بێ میلیشیاکان پێک بهێنن، ئەمانەن: هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ( شیعە ) + سوننە + کورد، کە بە هەموویان زیاتر لە 50+1 پێک دەهێنن و دەتوانن گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی دروست بکەن، بەڵام ئەمە بزمارێکە لە تەختی حوکمڕانیی شیعە دەدرێ لە عیراق؛ چونکە ئەوان بابەتی دروستکردنی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی بە مافی شیعەیە دەزانن، نەک ئەوانی تر؛ دوورخستنەوەیشیان لە دەسەڵات، سەقامگیریی وڵات دەخاتە ژێر هەڕەشەوە، بەتایبەت ئەگەر مل نەدەن بە هەڵوەشاندنەوەی خۆیان وەک میلیشیا و چوونەناو سوپاوە.

"قائانی" ڕۆژی 21/10/2025 بە سەردانێکی بەپەلە گەیشتە بەغدا و باسی لە بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن و ڕێکخستنەوەی چەکی میلیشیاکان کردووە. ڕێکخستنەوەی چەکی میلیشیاکان ئەوە ناگەیەنێ کە میلیشیاکان لە واقعی کرداردا بێبەها بکات و هەڵبوەشێنەوە، بەڵکوو هەنگاوێکە بەرەو لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەمریکا و ڕووپۆشکردنیان بە سیاسەت. ئەمەیش پێویستیی بە ڕێککەوتنێک هەیە لەگەڵ ئەمریکا؛ ناواخنەکەیشی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیانە لەگەڵ ئەمریکا تا لە دەسەڵات بمێننەوە. ئەمە لە بەرانبەر مانەوەی ئەمریکا لە عێراق و هاتنی کۆمپانیاکانیاکانییەتی. هەندێ سەرچاوەیش ئاماژە بە بوونی ڕێککەوتن دەکەن لە نێوان میلیشیاکان و ئەمریکا، تا ئەمریکاش ڕێگەیان پێ بدا لەسەر ئاستی پەرلەمان بمێننەوە و کەمترین پێگەیان لەسەر ئاستی حکوومەت هەبێ.

**کەواتە هیچ حکوومەتێک بەدەر لە چوارچێوەی هەماهەنگی پێک نایە، ئەگەر پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیی نەبێ. ئەو پشتیوانییەیش دەبێ بە کردار لەناو عێراق بوونی هەبێت؛ لە ڕووی لۆجیستی و سیاسییەوە.**

**بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو لایەنە دەرەکییانە، بەتایبەت ئەمریکا، بەرپرسیارێتیی ئەو بارودۆخە هەڵدەگرن؟**

**لە کۆتاییدا: ئایا هەڵوێستی ئەمریکا لەمەڕ ئەو سێ سیناریۆیە چییە سەبارەت بە حکوومەتی داهاتووی عێراق؟**

هەڵوێستی ئەمریکا لەو بارەیەوە ڕۆشنە: دەبێ لە زۆربەی جومگەکانی دەوڵەت و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و کەسایەتییەکان، ویستی ئەو بەرچاو بگیرێ. هەر بۆیە لە دوو ئاماژەدا دەتوانین هەڵوێستی ئەمریکا بکەینە پێوەر: دانانی چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ حکوومەتی داهاتووی عێراق + چاودێریکردنی بەرەنجامەکان؛ بەوەی ئەگەر میلیشیاکان سەر بکەون و بەبێ گەڕانەوە بۆ ویستی ئەمریکا حکوومەت پێک بهێنن، ئەوا دان بەو بەرەنجامە و حکوومەتەدا نانێت. ئەمەیش عێراق لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە تووشی قەیرانی سیاسی دەکاتەوە.

دانانی نوێنەری تایبەتیش بۆ عێراق، ئاماژەیەکی ڕۆشنە بۆ پێشبینیکردنی قەیرانی پەیوەندی لە نێوان عێراق و ئەمریکا؛ دەنا دانانی نوێنەری حکوومەتی ئەمریکا بۆ عێراق جێی سەرسوڕمانە، لە کاتێکدا ئەمریکا خۆی گەورەترین باڵیۆزخانەی لەسەر ئاستی دونیا لەم وڵاتەدا هەیە!

**کەواتە "مارک ساڤایا" بۆ دێتە عێراق؟**

مەبەست لە دانانی ناوبراو وەک نوێنەری ئەمریکا لە عێراق، پێ دەچێ بۆ چەند مەبەستێکی ستراتیژیی گرنگ بێت، لەوانە: سەرلەنوێ دروستکردنەوەی متمانە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق، دوورخستنەوەی هەژموونی ئێران، نەخشاندنی پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراق لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئەمریکا ویستی هەیە لەسەریان، گێڕانەوەی هاوسەنگیی نێوان لایەنەکانی عێراق- بۆ ئەو مەبەستەیش لەگەڵ هەموو لایەنەکان کۆ دەبێتەوە تا سەقامگیری بۆ وڵات بێتەوە ئارا-، سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بەرژەوەندیی گشتی بۆ وڵات، بونیادنانەوەی بەرژەوەندیی هاوبەشی ستراتیژیی نێوان عێراق و ئەمریکا لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەیەکی نوێوە، هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و ڕێکخستنەوەیان وەک بکەرێکی سیاسی و دوورخستنەوەیان لە ناوەندەکانی بڕیاردروستکردن، پشتیوانیکردنی کورد و سوننە و هەندێ لایەنی شیعی کە هەماهەنگییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، چارەسەرکردنی گرفتەکانی حکوومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هێنانەپێشەوەی کەسانی مەدەنی و تەکنۆکرات بۆ پۆستەکانی دەسەڵات، پەیوەندیبەستن لەگەڵ هەندێ لایەن لە چوارچێوەی هەماهەنگی و وەلانانی ئەوانەی لەلایەن ئەمریکاوە بە تیرۆر تۆمەتبارن، زەمینەخۆشکردن بۆ چوونەناو ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم لەگەڵ ئیسرائیل لە داهاتوویەکی نزیکدا. لە بەرانبەر هاتنەپێشەوەی عێراق بەو مەرجانەی ئەمریکا، لەلایەن ئەمریکا چەندان کۆمەک و پاداشت و ئیمتیازاتی پێ دەدرێ؛ هەروەک چۆن بۆ ئەو دەوڵەتانە کراوە کە پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی کردۆتەوە. بەپێچەوانەوە ئەمریکا، عێراق تووشی گوشار و گەمارۆ و سزای جۆراوجۆر دەکاتەوە. گومانیش لەوەدا نییە، لەگەڵ بە قەیرانبوونی پەیوەندییەکان، بەکارهێنانی هێزیش دژی میلیشیاکان ئەگەرێکی کراوە دەبێت.

ئەو مەترسییەی کە تا ئێستا نەڕەویتەوە، ناڕازیبوونی لایەنە سەرەکییە کاریگەرەکانە بە بەرەنجامەکان، بەتایبەت لەلایەن میلیشیاکانەوە. لەو حاڵەتەدا هەنگاوی یەکەم، تانەلێدانی بەرەنجامەکانە. ئەگەر بە خواستی ئەوان نەبوو، ئەوکات قۆناغی ناسەقامگیری و ئاژاوە و پاشاگەردانی دێتە ئاراوە؛ بنبەستی سیاسیی عێراق،

بۆشاییی یاسادانان، بەردەوامیی قەیرانەکان، بەتایبەت لەگەڵ هەرێم و ئەمریکا، بەردەوامبوونی حوکمی چوارچێوەی هەماهەنگی، هەڵکشانی نارەزایەتیی خەڵک و تێکچوونی سەقامگیری، دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری عێراق وەک پێشوو، بێبەهاییی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەر و تەنیا دەرکردنی بەیاننامەیەک بۆ هێورکردنەوە و دانبەخۆداگرتن و پەلەکردن لە پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی، ئەگەری لەکۆنترۆڵدەرچوونی دۆخە ئاڵۆزەکە و دروستبوونی قەیران و جەنگێکی نوێ لەگەڵ ئێران و تێوەگلاندنی عێراق لەلایەن میلیشیاکانەوە، دەرکەوتنی بانگەشەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی نوێ، بەتایبەت لەلایەن ڕەوتی سەدرەوە- یان ئەگەر هات و لەلایەن خودی دادگەی فیدراڵییەوە پەسەندی بەرەنجامەکان نەکرا-؛ کە ئەوەیش ئەگەرێکی کراوە نییە. هەر بۆیە چارەسەر، سازشکردنی لایەنەکانە بۆ یەکتری و، ڕازیبوونە بە بەرەنجامەکان و دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە نێوان لایەنە کاریگەر و سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسیی وڵات.

**ئەی دەبێ کورد چی بکا؟**

دەتوانین بەپوختی و بەکورتی و بەکوردی بڵێین: کورد پێویستیی بە بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیی نەتەوەییە، تا ئایندەی خۆی بخوێنێتەوە و بەپلان کار بکات؛ هەروەها دەستگرتن بە دەستکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانەوە، جێبەجێکردنی دەستوور و بەدیهێنانی شایستە دەستوورییەکان و سیستەمی فیدراڵییەت بۆ عێراق، دەبێ هێڵی سووری ستراتیژییەتی نەتەوەیی بن؛ هەروەها یەکڕیزی و ئاشتەواییی نەتەوەیی، جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەی سیاسیی دیموکراسی، دەستگرتن بە ڕایەڵەی پشتیوانیی دەرەکییەوە، بەتایبەت ئەمریکا و، هەماهەنگبوون لەگەڵ ئێران و تورکیا، لە هەنگاوە گرنگەکانن.

**کەواتە جارێکی تر پرۆسەی سیاسیی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەر بنەمای ڕێککەوتنی تەوافوقی و، بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن تەنیا بۆ نوێکردنەوەی شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسییە. کورد دەبێ پێشوەختە خۆی بۆ هەموو سیناریۆکان ئامادە بکا، چونکە تا هەنووکە کورد بکەرێکی سەرەکی و کارای سیاسییە لە ناوچەکە و عێراق.**